# ئازاری کەم ئەندامو بیرکۆڵانو بێ هانایی حکومەت هەتاکەی؟

مەدحەت بێ خەو



دەیان ساڵ تێپەڕیو چەندین حکومەت هاتوو چوو تا گەیشتە ئازادی هەرێمی کوردستانو لە دوایی هەموو عێراق... دەیان بەڵێنو دەیان وتارو کۆڕو بانگەوازو بڵاوکرایەوە بۆ یارمەتی دان بە هانا هاتنی کۆمەڵێك مرۆڤی داماوی (بیرکۆل) و (کەم ئەندام)ی لە بیرکراو... بەڵێ تا ئەمڕۆ ئەم کۆمەڵە مرۆڤە لێقەوماوو نەدارە هیچ ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە بەڵام لە هەمان کات بۆ زۆر کەسی لایەنی تر یارمەتی شیاو بڕاوەتەوە کە هیچیان وەکو ئەو بیرکۆڵو کەم ئەندامانە مستەحەق نین بۆ نموونە وەکو ئەو پارە زۆرەی بۆ سەدان کەس بڕاوەتەوە بەناوی (دیوەخانانە) کە کۆنە ئاغاو کێخواو میرو بەگو کۆنە هەرامەن وە هەروەها کە هونەرمەندێك یان گۆرانی بێژێك لە دەرەوەی وڵات بە سەفەر دێتەوە کوردستان حکومە بە چەندین دەفتەر دۆلاری دەداتێ یان چەندین یارمەتی تر بۆ هەندێ کەس لەبەر خاتری خاتران یان بە فیرۆدانی سەدان ملیۆن دینار لەبەر گەندەڵی دەزگاکان... بەڵام ئەم توێژە یان ئەم کۆمەڵە مرۆڤە (کەم ئەندامو بیرکۆڵ) هەژارو لێقەوماوە تا ئەمڕۆ هەر پشت گوێ خراونو ئاوڕیان لێنادرێتەوە...

هەروەکو هەموو دەزانین لەلایەن حکومەتەکانی هەندەران گەورەترین بایەخ بە مرۆڤی بیرکۆڵو کەم ئەندام دەدرێو تەنانەت ئەو خێزانانەی خاوەنی ئەم جۆرە مرۆڤانەن زۆر بەختەوەر دەبنو واتا هەموویان سوودمەند دەبن بەهۆی ئەم کەم ئەندامەی هەیانە لە ڕووی بژێوی مووچە زۆرباشو خانووی باشو چارەسەرکردنی پزیشکی بۆ هەموویانو زۆر ئاسانکاری تری ژیان بۆیان...

ئومێدەوارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان چیتر ئەم توێژە داماوو لێقەوماوە پشت گوێ نەخرێ کە ئەمە گەورەترین ڕاژەی مرۆڤایەتیەو هەروەها بێگومان گەورەترین خێرە لەلای خودای تاك میهرەبان.

# مرۆڤ و خۆ بە زل زانین

شــوان وەلــی

مرۆڤ و یەك ترپەی دڵ ئەو خۆ بە گەورە زانینە لەبەرچی هەڵبەت مرۆڤ لەبەر چەند شتێك لە خۆبایی دەبێ جا لەبەر سەروەتو سامان یان بڕوانامەکی بەرز یاخود بنەماڵەیی و عەشیرەتگەری یان دەسەڵاتێکی هەیە حیساب بۆ کەس ناکاو وا دەزانی ئەم دەسەڵاتەی باوکی تا هەتا دەمێنێ ئەو بیر ناکاتەوە دەیان بگرە سەدانی وەکو باوکی هاتوونەتە سەر ئەم کورسیە هەر جێی هێشتووە ئەم کورسیە وەك کورسی سەرتاشێك وایە کاتێك سەرت چاکرد جێی دێڵی، هەیە (ئەلف بێ)ی لێك ناکاتەوەو خۆی بە گەورە دەزانی ئەم دەردانە کۆمەڵگا پێی دەناڵێنێو نەخۆشیەکی کوشندەیەو دەرمانی نیەو ئەگەر لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن یان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان خەبەریان بێنیەوە بەڵکو ئەم سیفەتانەیان لە جەستە بێتە دەرو تا لەناو کۆمەڵگادا خۆشەویست بن، باشە خۆ بە خەیاڵیان دانایێ بچووکترین ڤایرۆس لە پەلو پۆت دێخی دەکەویە ناو جێگا لەوانەیە بڵێین ئێمە ڤایرۆس نابینین چونکە بچووکە، باشە ئەم زەویە گەورەیە نابینن بۆ خۆت بەراورد ناکەیت لەگەڵ ئەم شتە گەورانەی کە باسی دەکەین جا بە سەیری ئەستێرەکانیش بکەین یا گەلە ئەستێرەکان کە (دوو سەد ملیۆن ئەستێرە) لە خۆ دەگرێ بۆ نموونە گەر تۆ لە چۆڵەوانیەك یان لەسەر بانەکەت بە شەو ڕوو بکەیتە ئاسمان ئەستێرەکان وا دەبینی کە تەنیایین ئەمەش لە ڕاستیدا وانیە بەڵکو تۆ وا گومان دەبەیت کە یەك ئەستێرەیە بەڵام ئەمە بریتییە لە ملیۆنەها ئەستێرەی لە یەك نزیکن بەڵام ئاوا دێتە بەرچاو، هەروەکو دەنکە قومو لمەکانی جۆلگەو بیابانن یەك پارچە دێتە بەرچاوان، کە کۆمەڵەی خۆ لە ئاستیاندا زۆر بچووکەو زانایان شتێکی سەیریان دۆزیتەوە لە ئاسماندا ئەویش ئەوە کەوا ئەم گەردوونە جێگیرو وەستاو نییە بەڵکو بەرە بەرە فراوان دەبێ هەر هەموو ڕۆژێك خولگەکان لە یەك بەدوورتر دەکەونو ئەستێرەکان بە هەمان شێوە گەردوون بە ئەندازەیەکی سەیر لە فراوان بوون دایە زانایان ئەندازەیان کردوە کەوا گەردوون لە هەر خولەکێکدا ملیۆنەها ساڵی تیشکی گەورەتر دەبێ بەردەوامی بەڕاستی ئەمە دەسەڵاتو هێزێکی سەرسوڕهێنەرە مرۆڤی هۆشمەند سەرسام دەکات گوێ بگرە لە فەرموودەی خوای گەورە کە ئەفەرمووێ (والسماء بنیناها بأيد وانا لموسعون) (الذاريات) واتە ئێمە ئاسمانمان بە دەستی قودرەتی خۆمان دروست کرد، بەردەوامیش گەورەی دەکەینو فراوانی دەکەین، ئەمە ئاماژەیە بۆ ڕاستیەکی زانستی کە زاناکانی گەردوونناسی دەیسەلمێنن.

بۆیە مرۆڤ پێویستە خۆی بە گەورە نەزانی تاکو هەستی بە ئارامیو ئاسوودەیی بکات گوێ لە کەسی بەرامبەر بگرێت بەم شێوەیە کۆمەڵگا پێش دەکەوێت، بۆیە زۆر گرنگە مرۆڤ خۆی بە گەورە نەزانێت.

تۆ کە سەردانی شوێنێك دەکەیت کارێکت هەیە چەند دڵت خۆش دەبێ کەسی بەرامبەر نەرم بێ لە مامەڵە لەگەڵت چەندە دڵت خۆش دەبێ هیوای ئەوە دەخوازی جارێکی تر کارت بەم شوێنە بکەوێت تاکو ئەم مرۆڤە ڕووخۆشە ببینیەوە، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە مامەڵەی لەگەڵت گرژو ناخۆش بوو ئەم مرۆڤەت وەك ئەژدیهایەك دێتە پێش چاو تووند قورقوتۆکی گرتی یەك خولەکت مابێ لە ژیان، کۆتایی بە باتەکە دێنم بەم پەندە کوردیە (من ئاغاو تۆ ئاغا ئەی کێ جیمان بۆ ڕاخا).

سەرچاوە:
– قورئانی پیرۆز.
– ڕامان لە خواپەرستی.